# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

## را پۆرتی هەژدەیەم: کاریگەرییەکانی خولی تاییەت

ئاداری 2019

1/4/2019

| ناونیشان | ژمارەی پەڕە |
| --- | --- |
| بەشی یەکەم: ناساندن | |
| پێشەکی | 4 |
| کارنامەی یەکە | 5 |
| ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە | 6 |
| بەشی دوەم: راپۆرت | |
| دەستپێک | 8 |
| راپرسی | 8 |
| فێرخوازان پەنا دەبەنە بەر خولی تایبەت | 12 |
| فێرخوازان بەکردنەوەی خولی تایبەت ناچار کراون | 13 |
| خولی تایبەت بارگرانی دارایی بۆ فێرخوازان دروستکردوە | 14 |
| فێرخوازان چی دەڵێن لەبارەی جیاوازی خولی تایبەت و خوێندنی ناوەندەکان | 15 |
| خولی تایبەت چ بارگرانیەکی بۆ خێزانەکان دروستکردوە | 16 |
| مامۆستایان بۆ خولی تایبەت دەکەنەوە | 16 |
| بەڕێوبەری ناوەندەکان چی دەڵێن لەبارەی خولی تایبەتەوە | 18 |
| کردنەوەی خول چ کاریگەر هەیە لەسەر پرۆسەی خوێندن | 19 |
| مامۆستایان فێرخوازان ناچار بە خول دەکەن؟ | 19 |
| جیاوازی خوێندن لە نێوان ناوەندەکان و خولە تایبەتەکان چیە | 20 |
| چاودێری مامۆستایان دەکرێت فێرخوازان ناچار بە خولی تایبەت نەکەن | 21 |
| خولە تایبەتەکان رۆڵی مامۆستایان کەمدەکاتەوە | 21 |

| | |
|---|---|
| خواستی فێرخوازان بۆ کردنەوە خولی تایبەت لە سەنتەرەکان | 22 |
| سەرپەرشتیاران چاودێری مامۆستایان دەکەن بۆ کردنەوەی خولی تایبەت | 23 |
| بەرپرسانی پەروەردە چی دەڵێن لە بارەی خولە تایبەتەکانەوە | 24 |
| بەشی سێیەم:راسپاردە | |
| راسپاردەکان | 26 |

## بەشی یەکەم: ناساندن

### 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی سای رابردودا یەکەکە (24) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاوکردوەتەوەو بۆ ئەمساڵیش درێژە بە راپۆرتەکانی دەدات، بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگانە راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## 2. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

2.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

3.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### 1. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.
ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)
لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی  پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.
بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## 1. دەستپێک

لە پاش مەلزەمە خولی تایبەت یەکێکە لە گرفتە سەرەکیەکانی چ پرۆسەی خوێندن و چ فێرخوازانیش، ئەمە جگە لەوەی بارگرانی دارایی زۆریشی بۆ دروست کردون.

بەپێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خوجێی گەرمیان کە لە بەشێک لە ناوەندەکانی گەرمیان ئەنجامی داوە، کردنەوەی خولی تایبەت لە دەرەوەی ناوەندەکان گرفتی بۆ خێزانەکان و مامۆستایانیش دروست کردوە.

فێرخوازان باس لەوە دەکەن لاوازی ئاستی زانستی مامۆستایان و کەمی کات و زۆری پرۆگرام هۆکارە بۆ ئەوەی پەنا ببەنە بەر خولی تایبەت و لە خوێندنی سیستەمی ناوەندەکان پێیان باشترە.

## 2. راپرسی

بەپێی راپرسیەکی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان بۆ ساڵی 2019_2020 کە لە بەشێک لە ناوەندەکانی سنوری پەروەردەی گەرمیان ئەنجامی داوە لە نێوان فێرخوازان لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی لە بارەی کردنەوەی خولی تایبەت لە دەرەوەی ناوەندەکانی خوێندن، دەرئەنجامەکانی بەمشێوەیەیە:

### ا. قۆناغی بنەڕەتیەکان:

1. تا ئێستا بەشداری خولی تایبەتت کردوە؟

| | |
|---|---|
| بەشداریم کردوە | %42.3 |
| بەشداریم نەکردوە | %33.3 |
| هەندێکجار | %24.4 |



2. کردنەوەی خولی تایبەت بە گرنگ دەزانیت؟




| | |
|---|---|
| بەڵێ | %60 |
| نەخێر | %4.5 |
| هەندێکجار | %35.5 |

3. مامۆستایان داواتان لێدەکەن خولی تایبەت بکەنەوە؟




| | |
|---|---|
| بەڵێ | %4.4 |
| نەخێر | %75.6 |
| هەندێکجار | %20 |

4. هۆکاری کردنەوەی خولی تایبەت بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟




| | |
|---|---|
| ئاستی مامۆستا | %6.7 |
| کەمی کات | %0 |
| قورسی بابەتەکان | %93.3 |

5. خولی تایبەت بارگرانی دارایی بۆ دروست کردوی؟

| | |
|---|---|
| بەڵێ | %13.3 |
| نەخێر | %71.2 |
| هەندێکجار | %15.5 |




ب. **قۆناغی ئامادەییەکان:**

1_ تا ئێستا بەشداری خولی تایبەتت کردوە؟

| | |
|---|---|
| بەشداریم کردوە | %55 |
| بەشداریم نەکردوە | %31.6 |
| هەندێکجار | %13.4 |




2. کردنەوەی خولی تایبەت بە گرنگ دەزانیت؟

| | |
|---|---|
| بەڵێ | %60 |
| نەخێر | %11.7 |
| هەندێکجار | %28.3 |



3. مامۆستایان داواتان لێدەکەن خولی تایبەت بکەنەوە؟




| | |
|---|---|
| بەلێ | %20 |
| نەخێر | %65 |
| هەندێکجار | %15 |

4. هۆکاری کردنەوەی خولی تایبەت بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟




| | |
|---|---|
| ئاستی مامۆستا | %35 |
| کەمی کات | %11.6 |
| قورسی بابەتەکان | %53.4 |

5. خولی تایبەت بارگرانی دارایی بۆ دروست کردوی؟




| | |
|---|---|
| بەلێ | %26.6 |
| نەخێر | %50.1 |
| هەندێکجار | %23.3 |

## 3. فێرخوازان پەنا دەبەنە بەر خولی تایبەت

فێرخوازان کەمی کات و زۆری پرۆگرامەکان و لاوازی ئاستی مامۆستایان بە هۆکاری ناچاربونیان بە کردنەوەی خولی تایبەت دادەنێن.

محەمەد رزگار ستار، خوێندکاری قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (کوردۆ قاسم)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "خولم کردوەتەوە بۆ بابەتەکانم هۆکاری کردنەوەکەشی ئەوە بوە کە توانای زانستی خۆم پەرە پێبدەم و قورسی بابەتەکانیش یەکێکە لە هۆکارەکان، تا رادەیەکیش کردنەوەی خول گرنگە، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە ئەیانەوێ نمرەی بەرز بهێنن".

هەندێک لە فێرخوازان باس لەوە دەکەن کەمی کات و زۆری پرۆگرامەکانی خوێندن وایکردوە بەناچاری پەنا ببەنە بەر خولی تایبەت.

باخان محەمەد بابان، خوێندکاری قۆناغی دەیەمی وێژەی لە ئامادەیی (کوردستانی نوێ) لە قەزای کەلار وتی: "بەشداری کردنم لە خول کۆمەڵێک هۆکاری هەبوە یەک لەوانە کەمی کات وە زۆری بابەتەکان وە ئاستی زانستی مامۆستاکەشم کە باش نەبوە لە گەیاندنی وانەکەدا، ئەمانە هۆکار بون بۆ ئەوەی خول بکەمەوە و سودیشم لێببینیوە".

بەشێک لە فێرخوازان بە روخسارێکی نا ئومێدیەوە باسیان لەوە دەکرد نەبونی متمانە بە تەواوکردنی پرۆسەی خوێندن وایکردوە کە بە ناچاری پەنا ببەنە بەر خولی تایبەت سەرباری لاوازی ئاستی زانستی مامۆستاکانیان.

نیگا سابر عەزیز، خوێندکاری قۆناغی دوانزەی زانستی لە ئامادەیی (هاوکاری) لە قەزای کەلار باس لەوە دەکات: "خولم کردوەتەوە، بەهۆکاری نەبونی متمانە بە تەواو کردنی پرۆسەی خوێندن لە مەکتەب و کەمی کات و ئاستی زانستی مامۆستایان، کە هۆکاری سەرەکیە بۆ ئەوەی فێرخواز پەنا بباتە بەر کردنەوەی خول، ئەگەرچی لە مامۆستایەکەوە بۆ یەکێکی دیکە ئەگۆڕێت".

لە هەمان کاتدا، کانی جومعە مەحمود، قوتابی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (وەفایی)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "خولم کردوەتەوە بەهۆی ئەوەی کە مامۆستاکەمان توانی گەیاندنی نەبوە و لێی تێنەگەشتوم وە قورسی بابەتەکانیش هۆکار بون کە خول بکەمەوە".

هەندێک لە فێرخوازان کە ئومێدیان بە مامۆستاکانیان نامێنێت دەڕۆن و خولی تایبەت دەکەنەوە بۆ ئەوەی لەو قۆناغە نەمێننەوە.

میدیا سەعید رەمەزان، خوێندکاری قۆناغی دەیەمی وێژەی لە ئامادەیی (برایەتی) لە ناحیەی رزگاری ئەوەی خستەڕو: "خولم کردوەتەوە بۆ بابەتی ئینگلیزی، چونکە توانای گەیاندنی مامۆستاکەم باش نەبوە و زۆربەی هاورێکانم خولیان کردوەتەوە، لەبەر ئەوەی بۆ تەنها وانەیەک نەمێنینەوە خولی دوەم یان لەو قۆناغە بمێنینەوە".

بە پێچەوانەی زۆرێکی دی لە فێرخوازان هەندێکیان خولیان نەکروەتەوە و بە پێویستی نازانن وەک خۆیان دەڵێن ئەگەر کەمێک خۆت ماندو بکەی پێویستت بە خول نابێت.

نەورەز محەمەد عەبدول، خوێندکاری قۆناغی یانزەیەمی وێژەی لە ئامادەیی (پێباز) لە ناحیەی پێباز باس لەوە دەکات : هیچ خولێکم نەبینیوە و نەشم کردوەتەوە و پێویستم نەبوە، ئەگەر وەک پێویست گرنگی بە وانەکان بدەیت و سەعی تێدا بکەیت پێویستت بە خول نابێت.

## 4. فێرخوازان بەکردنەوەی خولی تایبەت ناچار کراون

بەشێکی مامۆستایان فێرخوازان ناچار دەکەن خول بکەنەوە و تەنانەت خودی خۆیان پێیان وتون لەلای خۆیان بەشداری خول بکەن، هەندێکیشیان دەڵێن مامۆستایان ناچاریان نەکردوین.

لاڤین ساڵح، قوتابی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (سەرکەوتن)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "مامۆستای دو بابەتمان هەمیشە پێمان ئەڵێن ئەگەر ئەتانەوێت دەرچن و نەمێننەوە ئەوە بەم خوێندنەی مەکتەب ناتوانن دەرچن، ئەبێت خولی تایبەت بکەنەوە ئەمەش لەبەر ئێوە، چونکە تەلەبەی خۆمانن بە هەرزانتر دەرستان پێ ئەڵێینەوە".

لە هەمان کاتدا، مەجید حەمید، خوێندکاری قۆناغی یانزەی زانستی لە ئامادەیی (هاوکاری) لە قەزای کەلار دەڵێت: "پێشتر لە یەکێک لە ناوەندەکانی کەلار بوم هەر قۆناغێکم بە دو ساڵ بڕی، چونکە خولم نەکردبوە بۆ ساڵی یەکەمی و مامۆستاکانمان وتیان ئەگەر خولمان لەلا نەکەنەوە ئەوە دەرتان ناچێنین و دەرەجەیەکی کەمتان بۆ دا ئەنێین، لەم ناوەندەشی کە ئێستا تێیدام مامۆستایەکمان پێی وتین کە لەلای خۆی خول بکەینەوە لە یەکێکی دیکە باشترە، بەو پاساوەی کە پێ راناگەن بابەتەکان تەواو بکەن".

ئەم ناچارکردنە لای هەمو فێرخوازان وەک یەک نیە و هەندێکیان دەڵێن کە هیچ مامۆستایەک ناچاری نەکردون بە کردنەوەی خولی تایبەت.

محەمەد رزگار ستار، قوتابی قۆناغی نۆی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (کوردۆ قاسم)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "مامۆستاکانمان هیچیان ناچاریان نەکردوین خول بکەینەوە، بەڵکو خۆمان کردومانەتەوە بەهۆی زۆری مەنهەج و گرانی بابەتەکان بوە".

## 5. خولی تایبەت بارگرانی دارایی بۆ فێرخوازان دروستکردوە

کردنەوەی خولی تایبەت بارگرانی زۆری بۆ فێرخوازان و خێزانەکانیان دروست کردوە، بەپێی ئەو بەدواداچونەی یەکەی چاودێری حکومەتی خوجێی گەرمیان لە بەشێک لە ناوەندەکان کردویەتی دابینکردنی برە پارەی خولەکان بارگرانی زۆری بۆ دروست کردون.

مەجید حەمید مەجید، خوێندکاری قۆناغی یانزەی زانستی لە ئامادەیی (هاوکاری) لە قەزای کەلار دەڵێت: "بێگومان کردنەوەی خول بارگرانی دارایی بۆ دروستکردوین بەتایبەت بۆ ئەو خێزانانەی کە باری داراییان باش نیە، هاورێم هەبوە بە قیست خولی کردوەتەوە و ئیشی کردوە و پارەکەی داوە بە مامۆستاکەی بۆ ئەوەی نەمێنێتەوە لەو قۆناغە".

بە پێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری نرخی خولەکان بە تێکرا نزیکەی (150) هەزار دینارە بۆ هەر خولێک بەمەش بارگرانی زۆری بۆ خێزانەکان دروستکردوە.

لانە جەبار لوتفی، قوتابی قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (وەفایی) بنەڕەتی لە قەزای کەلار وتی: "کردنەوەی ئەم خولانە بارگرانی دارایی بۆ دروست کردوین.

"خولم کردوەتەوە و بارگرانی دارایی بۆ دروست نەکردوم، چونکە خێزانەکەم هەیبوە، بەڵام بۆ منالی هەژار گرفتە و نیەتی و ناچارە کە خول بکاتەوە بۆ هەندێک لە بابەتەکان، هەمو کەسێکیش خول ناکاتەوە ئەوانەشی ئەیکەنەوە بەشێکیان بۆ نمرەیە". ئەحمەد محەمەد، قوتابی قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (کوردۆ قاسم)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار وادەڵێت.

## 6. فێرخوازان چی دەڵێن لەبارەی جیاوازی خولی تایبەت و خوێندنی ناوەندەکان

ناچاربونی فێرخوازان بە کردنەوەی خولی تایبەت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان خوێندنی وانەکان لە خولە تایبەتەکان و لە ناوەندەکان، چونکە لە ناوەندەکان بەکەمترین رێگە و شێوە وانە بۆ فێرخواز شیدەکرێتەوە لە کاتێکدا لە خولەکان جیاوازترە.

نیگا سابر عەزیز، خوێندکاری قۆناغی دوانزەی زانستی لە ئامادەیی (هاوکاری)ی لە قەزای کەلار دەڵێت: "خوێندن لە خولەکان و لە ناوەندەکان جیاوازییان زۆە، چونکە مامۆستا زیاتر گرنگی بە فێرخواز دەدات و رێگەی جیاواز بەکارئەهێنێت بۆ باسکردنی وانەکان، بەڵام ئەمە لە قوتابخانە وانیە.

هەندێک لە فێرخوازان باس لەوە دەکەن کردنەوەی ئەم خولانە لەگەڵ ناوەندەکان جیاوازی هەیە و وانەکان بە باشترین شێوە دەڵێنەوە بۆ ئەوەی فێرخوازی زیاتر سەردانیان بکات.

باخان محەمەد بابان، خوێندکاری قۆناغی دەیەمی وێژەی لە ئامادەیی (کوردستانی نوێ) لە قەزای کەلار وتی: "شێوازی وانە خوێندن لە خولەکان جیاوازە وەک لە ناوەندەکان، هۆکاری ئەم نەرمونیانیەی مامۆستایان لە بەرژەوەندی خۆیانە، بۆ ئەوەی تەلەبە زیاتر بچێتە لای، ئەگەرچی کردنەوەی خول لە ئێستا بوە بە مۆدێل کە ئەگەر نەیکەیتەوە بە کەمتر سەیر ئەکرێیت".

هەڵسوکەوتی مامۆستایان لە خولە تایبەتەکانیان جیاوازی زۆر هەیە وەک لە ناوەندەکەیان فێرخوازێک دەڵێت مامۆستایان لە ناوەندەکان توندن.

میدیا سەعید رەمەزان، خوێندکاری قۆناغی دەیەمی وێژەی لە ئامادەیی (برایەتی) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "کردنەوەی خولەکان لە دەرەوەی ناوەندەکان و خوێندنی وانەکان زۆر جیاوازە وەک لە ناوەندەکان، چونکە مامۆستاکان وەک هاورێ هەڵسوکەوت دەکەن و بەچەندین رێگە وانەکە باس دەکەن، ئەمە لە ناوەندەکان بە پێچەوانەوەیە".

## 7. خولی تایبەت چ بارگرانیەکی بۆ خێزانەکان دروستکردوە

خێزانەکان بەشی زۆری بارگرانی خولی منداڵەکانیان دەکەوێتە سەر شان و گرانی نرخی خولە تایبەتەکان و زۆری وانەکان وایکردوە بۆ نەمانەوەی منداڵەکانیان لە قوناغێکدا ئەو بارگرانیە هەڵبگرن.

شەرمین، دایکی فێرخوازێکە، بە روخسارێکی بێزارییەوە سەبارەت بە بارگرانی دارایی بۆ کردنەوەی خولی تایبەت بۆ منداڵەکانی دەڵێت: "کردنەوەی ئەم خولانە لە دەرەوەی ناوەندەکان بارگرانی زۆری بۆ خێزانەکان دروست کردوە، بۆ کچەکەم خولم کردوەتەوە ئەگەر ناچار نەبم نایکەمەوە، لەبەر ئەوەی باری دارایمان باش نیە، ئەمەش ئەرکێکی ترە بۆ خێزانەکان".

وتیشی: ئەگەر مامۆستاکان خۆیان ماندو بکەن و وەک پێویست وانەکان بە قوتابیان بگەیەنن  و داوا نەکەن خول بکەنەوە ئیتر ئەوان بۆچی دەچن خول دەکەنەوە و ئەرکێکی تر بۆ خێزانەکانیان دروست بکەن.

هاوشێوەی شەرمین، شازادە شاوەیس، دایکی فێرخوازێکە بە خەمێکی زۆرەوە دواو وتی: "برازاکەم بڕێک پارەی پێدام بۆ بژێوی ژیانمان، چونکە دەستمان ناچێت و مێردەکەشم کۆچی کردوە، کەچی ئەو بڕە پارەیەم دا بە کردنەوەی خولێک بۆ کچەکەم، لەبەر ئەوەی ناچار بوم بۆ ئەوەی دوانەکەوێت لە خوێندن".

دەشڵێت: پێویستە پەروەردە ئەمە چارەسەر بکات و مامۆستایان ئەرکەکانیان لە ناوەندەکان وەک پێویست بگەیەنن بە قوتابیان.

## 8. مامۆستایان بۆ خولی تایبەت دەکەنەوە

کەمی کات و زۆری پرۆگرام ئەو هۆکارانەن کە مامۆستایان وا لێ دەکات خولی تایبەت بکەنەوە بۆ فێرخوازان.

ئارام مستەفا مەجید، مامۆستا و پسپۆری ئینگلیزی لە قوتابخانەی (شێخ حسێن)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "خولی تایبەت دەکەمەوە بۆ فێرخوازان، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە خراپی سیستەمی خوێندن و کەمی کات و زۆری ژمارەی فێرخوازە لە ناوەندەکان وایکردوە فێرخواز پەنا بۆ خولی تایبەت ببات، سەرباری ئەوە بەشێکیشی کەمتەرخەمی فێرخواز خۆیەتی".

یەکێکی تر لە هۆکارەکان کە بوەتە هۆی ئەوەی کردنەوەی خولی تایبەت پەرە بسێنێت بایکۆت بو، سەرباری ئەوەی زۆری پرۆگرامەکان وایکردوە فێرخواز خواستی لەسەری بێت.

دانا مستەفا محەمەد، مامۆستا و پسپۆڕی فیزیا لە ئامادەیی (هاوکاری) لە قەزای کەلار وتی: "خولم کردوەتەوە، ئەوەی کە هۆکارە بۆ ئەوەی فێرخوازان خولی تایبەت بکەنەوە زۆری پرۆگرام و کەمی کاتە، لە لایەکی دیکەش زۆر جار لە مامۆستاکانیان ناگەن، کە دێنە لای ئێمەش لە هۆکارەکانیان ئەکۆڵینەوە بۆ ئەوەی بتوانین بە رێگەی جیاواز بابەتەکانیان پێبگەیەنین، سەربارى ئەوەی کە بایکۆت و قەیرانی دارایی هۆکاری سەرەکی بون بۆ ئەوەی کە ببێت بە دیاردە".

وتیشی: وەزارەت هیچ چاودێری و سانسۆرێکی دانەناوە بۆ ئەم خولە تایبەتانە.

لە هەمان کاتدا، سەفین جەبار مەجید، مامۆستا و پسپۆڕی عەرەبی لە قوتابخانەی (کوردۆ قاسم)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار باس لەوە دەکات: "خولم کردوەتەوە و لە ئێستاشدا خولم هەیە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە خواستی زۆر لەسەرە لەلایەن فێرخوازانەوە چ بۆ نمرە بێت چ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیان بێت، کردنەوەی ئەم خولانەش لە حاڵەتەوە بوە بە دیاردە شان بە شانی ناوەندەکان پەیمانگا کراوەتەوە و لەلایەن پەروەردەوە رێگە پێدانی بۆ کراوە، وایکردوە رو لە زیاد بون بکات".

هەندێک لە مامۆستایان جەخت لەوەدەکەنەوە ئەگەر ئەم خولانە ئامانجی ئەوە بێت ناوەندە حکومیەکانی پێچۆڵ بکرێت ئەوە هەر نەمێنێت و زیاتر گرنگی بە ناوەندەکان بدرێت.

هونەر عەبدول کەریم ئەحمەد، مامۆستا و پسپۆڕی کوردی لە ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری دەڵێت: "چەند جارێک پێیان وتوم کە خول بکەمەوە، بەڵام نەمکردوەتەوە و پێویستم نەبوە و بە باشی نازانم، ئەگەر مامۆستایان لە ناوەندەکان بە باشی وانەکان بە فێرخوازان بگەیەنن ئەوە ئەوانیش ناچار بە خول نابن، ئەو خولانەشی ئەگەر بۆ ئەوە ئەکرێنەوە کە ناوەندە حکومیەکانی پێچۆڵ بکەن ئەوە هەر نەمێنێت باشترە، چونکە فەوزای دروست کردوە لە ناوەندەکان".

هەندێک لە مامۆستایان وەزارەت بەوە تۆمەتبار دەکەن کە مۆڵەت دانیان بە سەنتەرەکان کە خولی تێدا دەکرێتەوە روی لە زیاد بون کردوە و ئەمەش وایکردوە رۆڵی مامۆستایانی ناوەندەکان کەم بکاتەوە.

هونەر محەمەد زێدان، مامۆستا و پسپۆڕی ئینگلیزی لە قوتابخانەی (رزگاری) بنەڕەتی لە قەزای کفری وتی: "تا ئێستا خولم نەکردوەتەوە و چەندین جار داواکراوە لێم هەر نەمکردوەتەوە، چونکە بارگرانیەکی داراییە بۆ خێزانەکان و فێرخواز، لە پۆلدا هەمو شتێکی بۆ باس ئەکرێت چ پێویستی بە خولە، ئەوەی هەیە رۆڵی مامۆستایانی پێ کەم ئەکەنەوە لە ناوەندەکان، هۆکارەکەشی وەزارەتی پەروەردەیە هەر رۆژەو مۆڵەت ئەدەن بە پەیمانگایەک".

## 9. بەڕێوبەری ناوەندەکان چی دەڵێن لەبارەی خولی تایبەتەوە

بەڕێوبەری ناوەندەکانی خوێندن باس لە کۆمەڵێک هۆکار دەکەن بۆ زۆربونی خولی تایبەت لە دەرەوەی ناوەندەکان یەک لەوانە قەیرانی داراییە کە وایکردوە ئەم خولانە ببێتە جۆرێک لە بازرگانی کردن.

شاخەوان سوڵتان حەمید، بەڕێوبەری قوتابخانەی (وەفایی) بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "کردنەوەی خول لە دەرەوەی ناوەندەکان بوە بە دیاردە و مامۆستاشم هەیە خول ئەکاتەوە لە سەنتەرەکان، هەر مامۆستایەک خول ئەکاتەوە لە دەرەوەی ناوەندەکان لێی بەرپرس نیم، بەڵکو پەروەردە خۆی رێگەی پێداون، هیچ رێنماییەک نیە لە وەزارەتی پەروەردە بۆ چاودێری کردنی خولە تایبەتەکان".

بەڕێوبەرێک باس لەوە دەکات کردنەوەی ئەم خولانە رێگە پێدراوە و لە وەزارەتەوە بە ڕێنمای هاتوەتە ناوەندەکان کە خول بکەنەوە، بەڵام بەشێکی ئەو پارەیەی وەردەگیرێت بۆ ئەو ناوەندەبێت.

ستار قادر سەمین، بەڕێوبەری ئامادەیی (گەرمیان) لە ناحیەی رزگاری وتی: وەزارەت رێنماییەکی دەرکردوە کە لە ناوەندەکان خول بکرێتەوە و ئەو برە پارەی کە وەرئەگیرێت بەشێکی بۆ ناوەندەکە بێت، بەڵام هیچ مامۆستا داواکاری پێشکەش نەکردوە.

هەندێک لە بەڕێوبەری ناوەندەکانی خوێندن دەڵێن ئەگەر مامۆستایان کەمێک خۆیان ماندو بکەن ئەوە فێرخواز ناچار بە خولی تایبەت نابێت.

هەمزە عەبدولرەحمان عارف، بەڕێوبەری ئامادەیی (ئەحمەد موختار) لە کەلار ئاماژەی بەوەکرد: "مامۆستامان نیە خول بکاتەوە، بەڵام فێرخوازان لە دەرەوەی ناوەندەکان خول ئەکەنەوە، بەڵام ئەگەر مامۆستایەک بە باشی فێرخوازان تێبگەیەنێت چ پێویست بە کردنەوەی خول ئەکات.

خولی تایبەت بوە بە جۆرێک لە بازرگانی کردن بە فێرخوازان، بەڕێوبەرێکیش وەزارەتی پەروەردە تۆمەتباردەکات.

محەمەد جەمال رەوف، بەڕێوبەری قوتابخانەی (سیروان)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری وتی: "کردنەوەی ئەم خولانە زیاتر لە قەیرانی داراییەوە بوە بە دیاردە و هۆکارەکەشی لایەنی مادییەکەی بو لە کاتێکدا ئێستا قەیران نەماوە و بەردەوامی هەیە، سەربارى ئەوەی کە دەڵێن پرۆگرام زۆرە لە کاتێکدا ئەگەر مامۆستا کەمێک خۆی ماندو بکات پرۆگرام زۆر نیە، ئەوەی هەیە بوە بە بازرگانی کردن".

دەشڵێت: هۆکارەکەی وەزارەتە کە چاودێری نیە لەسەر پرۆسەکە و رێنماییەکی وای نیە کە ئەم دیاردەیە کەم بکاتەوە و پێویستە پلانی هەبێت.

## 10. کردنەوەی خول چ کاریگەر هەیە لەسەر پرۆسەی خوێندن

هەرچەندە خولی تایبەت لایەنی باش و خراپی هەیە، بەڵام مامۆستایان دەڵێن ئەم خولانە بوەتە هۆی سەرلێشێواوی لای فێرخوازان.

هەمزە عەبدولڕەحمان عارف، بەڕێوبەری ئامادەیی (ئەحمەد موختار) لە کەلار ئاماژەی بەوەکرد: "کردنەوەی خول کاریگەری خراپی زۆرە بۆ سەر فێرخواز وای لێکردوە کە بڕوای بە مامۆستاکەی خۆی نەمێنێت کە وانەی پێ ئەڵێتەوە، تەنانەت لە کاتی تاقیکردنەوەکانیش کێشەی بۆ دروست ئەبێت و توشی سەرلێشێوان دەبێت".

"کردنەوەی ئەم خولانە دو لایەنەیە هەم باشی هەیە و هەم خراپیش، ئەگەر چی لە ئێستا کردنەوەی خول بوە بە مۆدێل و کەمی بۆ زانستەکە ئەچێت، تەنها قۆناغەکانی (9 و 12) نەبێت کە زیاتر بۆ نمرە ئەڕۆن". سەفین جەبار مەجید، مامۆستا و پسپۆڕی عەرەبی لە قوتابخانەی (کوردۆ قاسم)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار وادەڵێت.

مامۆستایەک پێی وایە کردنەوەی خولی تایبەت لە دەرەوەی ناوەندەکان جیاوازی لە نێوان فێرخوازان دروست دەکات و کۆنترۆڵ کردنیشی لەلایەن مامۆستایانەوە قورس دەبێت.

جەلال عەبدوڵا حاجی، مامۆستا و پسپۆڕی کیمیا لە ئامادەیی (پێباز) لە ناحیەی پێباز وتی: "کردنەوەی ئەم خولانە کاریگەری خراپی هەیە لەسەر پرۆسەی خوێندن لە ناوەندەکان، چونکە جیاوازی دروست دەکات لە نێوان فێرخوازان ئەوانەی کە توانای کردنەوەی خولیان نیە، لە بەرامبەر ئەمەش مامۆستایان ناتوانن هاوسەنگی نێوانیان ڕابگرن و وەک پێویست هەق بە فێرخوازان بدەن، لەبەر ئەوەی بۆ بەشێکیان بابەتەکە دوبارە ئەبێت".

## 11. مامۆستایان فێرخوازان ناچار بە خول دەکەن؟

لەبارەی ناچارکردنی فێرخوازانەوە بۆ کردنەوەی خول بۆچونی جیاواز هەیە و مامۆستایان بە شێوە و ڕێگەی جیاواز هانی فێرخوازان دەدەن کە خولی تایبەت بکەنەوە.

هونەر محەمەد زێدان، مامۆستا و پسپۆڕی ئینگلیزی لە قوتابخانەی (ڕزگاری)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری وتی: "هیچ کات نەبوە فێرخوازان ناچار بە خول بکەم، بەڵکو خۆیان داوایان کردوە و نەمکردوەتەوە و ناشی کەمەوە، چونکە پێویست ناکات".

بە هەمان شێوە، هونەر عەبدولکەریم ئەحمەد، مامۆستا و پسپۆڕی کوردی لە ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری دەڵێت: "هیچ کات نەبوە فێرخواز ناچار بە خول بکەم، بەڵکو خۆیان داوایان کردوە و نەم کردوەتەوە بۆیان و پێم وتون هەمان بابەتە کە چی لە پۆل باس دەکەم ئەوەی دەرەوەش هەر ئەوەیە، بەڵام خۆیان هەر دەیکەنەوە".

"هیچ کات فێرخوازم ناچار بە خول نەکردوە، بەڵام خۆی داوای کردوە لەو پەیمانگایەی کە خۆلی تێدا دەکەمەوە، نەمزانیوە تاوەکو بینیومە ئەو کات زانیومە فێرخوازی ناوەندەکەی خۆمانە". سەفین جەبار مەجید، مامۆستا و پسپۆڕی عەرەبی لە قوتابخانەی (کوردۆ قاسم)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار وای وت.

## 12. جیاوازی خوێندن لە نێوان ناوەندەکان و خولە تایبەتەکان چیە

ئەوەی فێرخوازان هاندەدات خولی تایبەت بکەنەوە مامەڵەی مامۆستایان و شێوازی واتنەوەیانە لە خولە تایبەتەکان بە جیاواز لە ناوەندەکان، مامۆستایانیش دەڵێن جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە.

شاخەوان سوڵتان حەمید، بەڕێوبەری قوتابخانەی (وەفای) بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "ئەم خولانە هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ وانەکانی ناوەندەکان، ئەوەی هەبێت تەنها ئەوەیە پارەی لێوەرئەگیرێت لەبەرامبەردا".

مامۆستایان پێیانوایە وانەکان لە خولی تایبەت و ناوەندەکان جیاوازی نیە، ئەوەی هەیە تەنها ئەوەیە کە مامۆستایان و فێرخوازانیش ئازادن لەوەی کە چۆن وانەکە دەخوێنن بە پێچەوانەی ناوەندەکان کە بە ڕێنماییە.

ئارام مستەفا مەجید، مامۆستا و پسپۆڕی ئینگلیزی لە قوتابخانەی (شێخ حسێن)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری وتی: "جیاوازییەک نیە لە خولی تایبەت و ناوەندەکانی خوێندن، ئەگەر چی مامۆستا بە پێی رێنماییەکانی پەروەردە وانەکان لە ناوەندەکان ئەخوێنێت، بەڵام بۆ خولە تایبەتەکان پێچەوانەوەیە و هیچ چاودێرییەکی لەسەر نیە و ناچار نیە کە چۆن وانە بخوێنێت".

## 13. چاودێری مامۆستایان دەکرێت فێرخوازان ناچار بە خولی تایبەت نەکەن

چاودێری نەکردنی مامۆستایان لە ناوەندەکان بۆ وتنەوەی وانەکان بە شێوازی گونجاو بە هۆکارێک دادەنرێت کە فێرخوازان ناچار ببن خولی تایبەت بکەنەوە، بەڕێوبەری ناوەندەکانیش دەڵێن بە بەردەوامی چاودێری مامۆستایان دەکەن.

شاخەوان سوڵتان ئومێد، بەڕێوبەری قوتابخانەی (وەفایی) بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "هەمو هەوڵێکم داوە کە مامۆستایان فێرخوازان ناچار بە خول نەکەن بەتایبەت قۆناغی نۆکان، تەنانەت مۆڵەتی زۆر کەم بە مامۆستایان ئەدەم بۆ ئەوەی مەنهەجەکە تەواو بکەن".

ستار قادر سەمین، بەڕێوبەری ئامادەیی (گەرمیان) لە ناحیەی رزگاری رونیدەکاتەوە: "بە بەردەوامی و لە کۆبونەوەکانی مامۆستایان هەمو کات جەختم لەوە کردوەتەوە کە بەهیچ جۆرێک مامۆستا فێرخوازان ناچار بە خولی تایبەت نەکەن و هەمو هەوڵێک بدەن بۆ تەواوکردنی مەنهەجەکە".

هاوشێوەی هاوتاکەی، یونس هیدایەت قاسم، بەڕێوبەری ئامادەیی (کفری) لە قەزای کفری دەڵێت: "مامۆستام نیە خول بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بە بەردەوامی چاودێری مامۆستایانم کردوە بۆ ئەوەی فێرخوازان ناچار بە خول نەکەن، لەگەڵ ئەوەش ڕێنماییەک نیە بۆ سزادانی مامۆستایەک کە ئەوە بکات".

## 14. خولە تایبەتەکان رۆڵی مامۆستایان کەمدەکاتەوە

بەهۆی کردنەوەی خولی تایبەتەوە فێرخوازان لە ناوەندەکانی خوێندن پابەندی ئەو وانانە نابن کە خولیان بۆ کردوەتەوە ئەمەش مامۆستایانی بێزارکردوە.

هەمزە عەبدولرەحمان عارف، بەڕێوبەری ئامادەیی (ئەحمەد موختار) لە کەلار ئاماژەی بەوەکرد: "کردنەوەی ئەم خولانە رۆڵی مامۆستای پێ کەمدەکرێتەوە، تەنانەت تەلەبەی وا هەبوە پرسیاری دەورەکەی هێناوە و مامۆستای پێ تاقیکردوەتەوە بۆ ئەوەی بیشکێنێتەوە".

جگە لە کەمکردنەوەی رۆڵی مامۆستا خولە تایبەتەکان فەوزای دروست کردوە لە ناوەندەکانی خوێندن و گرفت دروست دەکات لە کاتی تاقیکردنەوەکان.

یونس هیدایەت قاسم، بەڕێوبەری ئامادەیی (کفری) لە قەزای کفری دەڵێت: "کردنەوەی ئەم خولانە بەشێکی زۆری مامۆستایانی بێزارکردوە، چونکە خوێندکار پشت بە خول ئەبەستێت و کورت کراوەی بابەتەکەی پێدەدرێت ئەمەش فەوزای دروست کردوە".

"کردنەوەی ئەم خولانە لە دەرەوەی ناوەندەکان وایکردوە رۆڵی مامۆستا کەم بکاتەوە، تەنانەت وای لێهاتوە بە ئاشکرا دژایەتی پێدەکرێت". محەمەد جەمال رەوف، بەڕێوبەری قوتابخانەی (سیروان)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری وای وت.

## 15. خواستی فێرخوازان بۆ کردنەوە خولی تایبەت لە سەنتەرەکان

زۆری خواست لەسەر کردنەوەی خولی تایبەت وایکردوە جگە لە سەنتەرە فەرمیەکان کە خولی تایبەت دەکەنەوە بەشێکی مامۆستایان لە ماڵ و جێگەی دیکە خول دەکەنەوە و بەرێوبەری سەنتەرەکانیش زۆری خواست بۆ کردنەوەی خولی تایبەت دوپاتدەکەنەوە.

نەبەر حەمید عەلی، بەڕێوبەری سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار سەبارەت بە خواستی فێرخوازان لەسەر خولەکان دەڵێت: "خواستی زۆر لەسەر خولەکان هەیە و بەردەوام خۆیان داوا دەکەن و ناو تۆمار دەکەن وەک ئامادەکارییەک بۆ قۆناغێکی خوێندنیان، بەتایبەت لەبەشی پرۆگرامەکان بۆ بەهێزکردنی بابەتەکانیان، زیاتریش خواست لەسەر بابەتە زانستیەکان و زمانەکان هەیە".

وتیشی: لەبەرامبەر هەر خولێک برە پارەیەک وەردەگرین کە بۆ هەر بابەتێک مانگی (10) هەزار دینارە.

لە هەمان کاتدا، گەرمیان عەزیز مەحمود، بەڕێوبەری پەیمانگای پلان لە قەزای کەلار وتی: "خواستی فێرخواز روی لە زیادبون کردوە لەسەر خولەکان بە تایبەت لە هاویناندا، ساڵ بە ساڵیش رو لە زیادبون دەکات".

دەشڵێت: دیاریکردنی نرخی هەر خولێک بۆ هەر بابەتێک لەلایەن ئیدارەی ئەو پەیمانگایە و ستافەکەیەوە دیاری ئەکرێت، پەیمانگاکەشمان رێگەپێدانی وەزارەتی پەروەردەی هەیە.

## 16. سەرپەرشتیاران چاودێری مامۆستایان دەکەن بۆ کردنەوەی خولی تایبەت

سەرپەرشتیارانی پەروەردەی ئەوە دەخەنەرو کە ناتوانن چاودێری مامۆستایان بکەن فێرخوازان ناچار بە خول نەکەن، لەبەر ئەوەی سەردانەکانیان بەردەوام نیە.

عەلی حاتەم ئەحمەد، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پسپۆڕی بیرکاری لە پەروەردەی کەلار دەڵێت: "کردنەوەی ئەم خولانە لە دەرەوەی ناوەندەکان لەلایەن فێرخوازانەوە چەن هۆکارێکی هەیە و خوێندن بۆ زانست نیە بەس تێپەڕاندنیەتی لەلایەن فێرخوازانەوە و تەنها بۆ نمرەیە، لەلایەن پەروەردە و حکومەتیشەوە هەر هەمان شتە و نەکراوە بە زانست".

وتیشی: هۆکاری کردنەوەی ئەم خولانە مامۆستایانی ناوەندەکانن، چونکە ئەگەر بابەتەکان وەک پێویست بە فێرخواز بگەیەنێت و ئاسانی بکات بۆی ئەوە ئەویش ناچار بە خول نابێت، مامۆستایانی ئێمە خۆیان ماندو ناکەن.

باسی لەوەشکرد: پێویستە وەزارەت پلانی هەبێت بۆ ئەمە، بەپێی توانا و ئاست و توانای گەیاندنی ئەو مامۆستایە، پارەی بۆ سەرف بکات نەک هەموی وەک یەک.

لە هەمان کاتدا، سەلام شوکر سەمین، سەرپەرشتیاری پسپۆڕی بیرکاری لە پەروەردەی گشتی گەرمیان سەبارەت بە کردنەوەی خول لەلایەن فێرخوازانەوە دەڵێت: "کردنەوەی ئەم خولانە بوە بەبازرگانیکردن، بەشێوەیەکی فەرمیش کردنەوەی خول لەلایەن مامۆستایانی ناوەندەکان بۆ فێرخوازانی خۆیان قەدەغەیە و شتی وا هەبێت لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت".

دەشڵێت: "ئێمە ناتوانین وەک پێویست چاودێری مامۆستایان بکەین، لەبەر ئەوەی سەردانەکانمان بەردەوام نیە، لێرەدا بەڕێوبەری ناوەندەکان ئەبێت بەرپرسی یەکەم بن".

ئاماژەی بەوەشکرد: پێویستە لە پەرلەمانەوە بە یاسا بێت یان بە ڕێنمای ئەبێت ئەم دیاردەیە بنبڕ بکرێت، چونکە حکومەتیش بۆ خۆی مۆڵەت ئەدات بە سەنتەرەکان لە کاتێکدا وەک پێویست چاودێریشیان لەسەر نیە.

## 18. بەرپرسانی پەروەردە چی دەڵێن لە بارەی خولە تایبەتەکانەوە

قەیرانی دارایی و بایکۆت کردنی هۆڵەکانی خوێندن یەکێک بو لە هۆکارەکان بۆ ئەوەی فێرخوازان پەنا ببەنە بەر خولی تایبەت، ئەمەش بە پێی وتەی بەرپرسانی پەروەردە.

عەدالەت لەتیف عبید، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار سەبارەت بە کردنەوەی خولی تایبەت لە دەرەوەی ناوەندەکانی خوێندن دەڵێت: "لە دەرەوەی ناوەندەکان ئەو خولانەی ئەکرێنەوە ئێمە لێی بەرپرس نین، چونکە بەشێکیان لە ماڵەکانی خۆیان ئەیکەنەوە و ناشتوانین ئێمە چاودێری ئەوانە بکەین، بەڵام ئەوانەی سەنتەرەکان ڕێگەپێدان و مۆڵەتی پەروەردەیان هەیە کە خول دەکەنەوە، بەڵام ئەگەر مامۆستایەک بێت و خانویەک بگرێت و بەبێ پرس ئەوە ئیجرائاتی لەگەڵ دەکەین و سزاشی ئەدەین".

وتیشی: ڕێنمایی هەبوە لە وەزارەت کە لە ناوەندەکان خول بکرێتەوە و لە ژێر چاودێری سەرپەرشتیارەکان بێت و گشتاندنمان کردوە بۆ ناوەندەکان، هەشبوە لە ناوەندەکان، لەبەرامبەر ئەو بڕە مادییەی کە وەرئەگیرێت بەشێکی بۆ ناوەندەکە بێت، لەگەڵ ئەوەش هەبوە بەبێ بەرامبەر وانە خوێندراوە وەک وانەی زیادە.

ئاماژەی بەوەشکرد: هیچ مامۆستایەک بۆی نیە فێرخواز ناچار بە هیچ شتێک بکات نەک کردنەوەی خول، هەر مامۆستایەکیش شتی وا بکات ئەوە سزا ئەدرێت و چاوپۆشی لەکەس ناکەین.

بەڕێوبەری پەروەردەی کفری پێی وایە چارەسەرکردنی خولی تایبەت دەبێت بە یاسا بێت.

ئیسماعیل سەمین، وتی: "کردنەوەی خولی تایبەت ئەبێت لەسەرەوە چارەسەربکرێت بە یاسا و لە کۆنفرانسی پەروەردەیی باسی لێوەبکرێت، چونکە هەر چەن لە ناوەندەکان چاودێری مامۆستایان بکرێت کە فێرخواز ناچار بە خول نەکەن، بەڵام فێرخواز لە جێگەیەکی دیکە دەیکاتەوە، بۆیە ئەو پەیمانگانەش کە مۆڵەتیان پێدراوە بۆ کردنەوەی خول ئەوەش نەمێنێت".

دەشڵێت: کردنەوەی ئەم خولانە بوەتە بازرگانی کردن ئەگەر نا بۆ زانستەکە نیە، لە دوای قەیرانی دارایی روی لە زیاد بون کردوە.

ئاماژەی بەوەشکرد: هەر مامۆستایەک فێرخواز ناچاری خول بکات بێت و سکاڵای خۆی بکات، ئەوکات لێپێچینەوەی لەگەڵ ئەکرێت و سزاکەشی قورس ئەبێت، بۆیە ئەبێت وەزارەت کاری جدی لەسەر بکات، چونکە نەهێشتنی ئاسان نیە.

هاوشێوەی دو بەرپرسەکەی دیکەی پەروەردە بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیانیش دەڵێت هەر مامۆستایەک فێرخواز ناچار بە خول بکات ئەوە لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت.

دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان دەڵێت: "کردنەوەی خولی تایبەت لەلایەن فێرخوازانەوە هۆکاری خۆی هەیە بەتایبەت ئەوانەی کە بۆ نمرە ئەخوێنن زیاتر پەنا ئەبەنە بەر خول، کردنەوەی خول بوەتە چاو لە چاوبڕکێ و ئەگەر بەشداری خول نەکات پێی وایە زەرەرمەند ئەبێت".

ئەو وتی: زۆری پرۆگرام و کەمی کات یەکێکی ترە لە هۆکارەکان کە مامۆستایان کاتی ئەوەیان نیە وانەکان هەموی باس بکەن خوێندکاریش ناچار پەنا ئەباتە بەر خول.

وتیشی: بە دو ڕێگە خول ئەکرێتەوە یەکەمیان لە ڕێگەی پەیمانگا و سەنتەرەکانەوەیە کە وەزارەت ڕێگەی پێداون، وە مامۆستاش هەیە لەماڵەکانیان خول ئەکەنەوە و ئێمە لێی بەرپرس نین وە ڕێنماییەکیش نیە بۆ ئەوەی کە مامۆستایەک لە ماڵەکەی خۆی خول بکاتەوە سزا بدرێت، تەنها مامۆستایان ناتوانن خول بۆ فێرخوازی خۆیان بکەنەوە و قەدەغەیە.

ئاماژەی بەوەشکرد: هەر مامۆستایەک فێرخواز ناچار بە خول بکات و داوای لێبکات کە خول بکاتەوە سزا ئەدرێت، ئەو سەنتەرانەشی کە خول ئەکەنەوە هیچ دەستکەوتێکیان نیە بۆ پەروەردە.

## بەشی سێیەم: راسپاردەکان

1. فێرخوازان باس لەوە دەکەن جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان خوێندن لە خولە تایبەتەکان و ناوەندەکان، چ لە روی وانە خوێندنەوە بێت چ لە روی مامەڵەکردنی مامۆستایانەوە، پێویستە بەرپرسانی پەروەردە بە دواداچونی جدی بکەن، چونکە هەمان ئەو مامۆستایانەن لە خولە تایبەتەکان و لە ناوەندەکان واە دەڵێنەوە.

2. پێویستە بەرپرسانی پەروەردە سەردانکردنی سەرپەرشتیاران بۆ ناوەندەکان زیاتر بکەن بۆ چاودێری کردنی شێوازی وانە وتنەوەی مامۆستایان و هەڵسوکەوتیان، بۆ ئەوەی فێرخواز پێویستی بە کردنەوەی خولی تایبەت نەمێنێت.

3. پێویستە بە بەردەوامی چاودێری مامۆستایان بکرێت کە فێرخوازان ناچار بە کردنەوەی خول نەکەن، و هانی فێرخوازان بدەن گرنگی بە وانەکانیان بدەن لە قوتابخانەکان، چونکە کردنەوەی خولی تایبەت لە دەرەوەی ناوەندەکانی خوێندن یەکێکە لە هۆکارەکان بۆ پشتگوێ خستنی پرۆگرامی خوێندن لە لایەن فێرخوازانەوە.

4. کردنەوەی خولی تایبەت لە لایەن فێرخوازانەوە کاریگەری دارایی دروست کردوە و بوەتە بارگرانی بۆ خێزانەکانیان، بە کەمکردنەوەی خولی تایبەت ئەرکی خێزانەکانیش کەدەبێتەوە.

5. کردنەوەی خولی تایبەت وایکردوە کە بەریەکەوتن لە نێوان فێرخوازان و مامۆستایان دورست ببێت و لە ناوەندکان فەوزار دروست ببێت، هەروەک سەر لێشێواوی بۆ فێرخوازانیش دروستکردوە، ئەمەش پێویستی بە بەدواداچونی جدی هەیە.

6. بەشێک لە بەڕێوبەرانی ناوەندەکان ئاماژە بەوە دەکەن کردنەوەی خولە تایبەتەکان وایکردوە مامۆستای پێ بشکێنرێت لەلایەن فێرخوازانەوە و هەوڵ دەدرێت رۆڵی مامۆستایانی پێ کەمبکرێتەوە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکیە بۆ تێکدانی پەیوەندی نێوان مامۆستا و فێرخواز.

7. نەبونی یاسایەک یاخود رێنماییەک لە بارەی خولە تایبەتەکانەوە هۆکاری سەرەکی زیادبونی خواستی فێرخوازانە بۆ خولی تایبەت، ئەم زیادکردنەش لێکەوتەی خراپی دەبێت، هەر بۆیە پێویستە کردنەوەی خولی تایبەت بە پێی یاسا رێکبخرێتەوە.

8. جگە لە کردنەوەی خول لە نێو سەنتەرەکان کە مۆڵەتی فەرمیان هەیە، بەشێکی مامۆستایان لە ماڵ و لە جێگەکانی دیکە خول دەکەنەوە و هیچ چاودێرییەک لەسەر جێگاکانیان نیە، پێویستە بە پێی یاسا ئەو کارە قەدەغەبکرێت و تەنها لەو جێگایانەی مۆڵەتی فەرمیان هەیە خول بکرێتەوە و لە ژێر چاودێری پەروەردەدا بن.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە
2. زریان محەمەد، لێپرسراوی دۆسیەی پەروەردە
3. رێناس سالّح، لێپرسراوی دۆسیەی تەندروستی

*** بۆ پەیوەندی:**

07480207400 - 07702303676

Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org